ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

مجلس محافظة السليمانية

Slemani Provincial Council

No:

ژمارە: ٨

Data:

ڕۆژ: ٢٠١٦/٥/٣١

---

# بڕیاری ژمارە (٨) ی ساڵی ٢٠١٦

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی بیست و هەشتەمی خۆیدا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، لە ڕۆژی ٢٠١٦/٥/٣١، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٣٠) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بە دەنگی (٣٠) ئەندام، بڕیاریدا بە:

یەکەم: گۆڕینی ڕاسپاردەی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٦ی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی تایبەت بە کەمکردنەوەی زیادەڕەوەیی و بەفیڕۆچوونی کارەبای نیشتمانی بۆ (بڕیار) بە هەمان ناوەڕۆکی خۆیەوە، (بەمەبەستی نەهێشتنی دیاردەی دزینی کارەباو کەمکردنەوەی زیادەڕەویی و بەرگرتن لە بەهەدەردانی کارەبای نیشتمانی و، زیادکردنی داهات و پاراستنی هێڵەکانی گواستنەوەو باشکردن و بەفیڕۆنەچوونی کارەبا، بەپشتبەستن بە خاڵی (٤)ی بڕیاری ژمارە (٣٩٢)ی ساڵی ٢٠١٣ی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی فیدراڵ و، نووسراوی ژمارە (١٤٤٠٠)ی ڕۆژی (٢٠١٣/١٠/٩)ی وەزیری کارەبای هەرێمی کوردستانی تایبەت بەپێدانی هاوبەشیی کارەبا و، ڕێنمایی ژمارە (٦٤)ی ڕۆژی (٢٠١٣/١/٣)ی وەزارەتی کارەبا، لەبەرئەوەی ئەم بڕیارە لە هەموو پارێزگاکانی عێراق و پارێزگاکانی هەولێرو دهۆکیش جێبەجێدەکرێت).

پشتبەست بە بڕگەی (هەشتەم) لە مادەی (شەشەم)ی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩:

١. پێوەری کارەبا بۆ هەر شوێنێک دابنرێت کە کارەبای نیشتمانیی هەیە و پێوەری نییەو، وەک هاوبەشی نوێ تۆماربکرێت.

٢. بەپێی یاسا سزای هەر کەس و شوێنێک بدرێت کە لەدەرەوەی ئەم بڕیارو ڕێنمایی و ڕاسپاردانەو بێ پێوەری کارەبا، کارەبا بەکاردێنێت.

دووەم: ئەم بڕیارە لەلایەن پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجەو ئیدارە سەربەخۆکانی ڕاپەڕین و گەرمیانەوە، دوای (١٥) ڕۆژ لە دەرچوونی جێبەجێدەکرێت.

- لە سلێمانی نووسرا، لە ڕۆژی (٣١) مانگی (٥) ساڵی (٢٠١٦)دا.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

---

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسڵوجە / نزيك پردی قلیاسان

email:aparezgas@yahoo.com

Tel : 0533181083

P.O : 27 Bord :0176

www.slemanipc.org